# سەرۆکی هەرێم سەردانی ئەنکارا دەکات

رۆژنامەی حوریەتی تورکی بڵاویکردۆتەوە کە گوایە ڕێزدار مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەنکارا دەکات، دەیەوێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ لێپرسراوانی تورکیا گفتوگۆ بکات.

سەرۆکی هەرێم و شاندە یاوەرەکەی دوای ئەوەی سەردانی هەریەکە لە بەغدادو تاران و واشنگتنیان کرد، رۆژنامەکانی تورکیا هەواڵی ئەگەری سەردانی ئەویان بۆ ئەنکارا بڵاوکردەوە.

بەشی ئینگلیزی ماڵپەڕی حوریەت، لەزاری سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە نووسیویەتی: 'دەمەوێ سەردانی ئەنکارا بکەم کاتێک هەلومەرجەکە گونجاوبێت، دەبێ کاربکەین بۆ ئەوەی چیتر خوێن نەڕژێ، چونکە لەبەرژەوەندی کەسدا نییە'

بەگوێرەی ماڵپەڕی حوریەت ، بارزانی لە واشنگتنەوە پەیامی ئاشتیو دۆستایەتی بۆ تورکیا ناردووە.

ئەگەرچی تا ئێستا ئەگەری سەردانەکەی بارزانی بۆ ئەنکارا یەکلایی نەبۆتەوە و نازاندرێ کە ئایا حکومەتی ئانکارا ئامادەیە بە فەرمی بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکات و بە فەرمی لەگەڵیدا کۆبێتەوە؟! بەڵام چاودێران پێیانوایە کە سەردانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنکارا واتای بەفەرمی ناسینی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیا دەگەیەنێ، ئەمەش لەبەرژەوەندی کوردستاندا تەواو دەبێ. هەرچەندە بەدوور دەزاندرێ لەم کاتەدا ڕێگە بدرێ لە سەردانەکەیدا لەپشت ئاڵای کوردستانەوە هاوشانی ئاڵای تورکیاو عێراق قسە بۆ رۆژنامەوانان بکات.



ئەگەری سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ ئانکارا لێکدانەوەی جۆراجۆری بۆ دەکرێ، زۆربەی چاودێرانی بە قازانجی کێشەی کوردستانی لێکدەدەنەوە، بەڵام کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کە زۆر لە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە نزیکە سەبارەت بەو ئەگەرە بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا هاتووە: 'بە هێز بوونی کوردان، بە ئیرادە بوون، پێشکەوتنی ئابووری لە باشووری کوردستان و ستاتۆی کوردی لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە پەسند ناکرێ، دەوڵەتی تورک لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر بێت و ستاتۆی فیدراڵی باشووری کوردستان ئاوها بەرەو پێش بچێت ئەوە ناتوانێت وەک ڕابردوو لەگەڵ کوردان هەڵسوکەوت بکات و دەرفەت و دەرەتانی ئاسیمیلە کردن و لەناوبردنی کوردان دژوار دەبێت، بۆیە پێشخستنی پەیوەندیەکانی دەوڵەتی تورک لەتەک بەرپرسیارانی حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان لەسەر بنەمای پەژراندنی ڕاستینەی ئەوان نیە، گشت هەوڵدانەکانی دەوڵەتی تورک لە چوارچێوەی کوشتنی کورد بە دەستی کوردە و هاوکات دەیەوێت ڕێگە لەبەردەم سیاسەتی خۆی لەمەڕ پرسی کەرکوک بکاتەوە'

بەیاننامەکە بە ناراستەوخۆ ئاماژە بە گۆڕانکاریەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکات و دەنووسێ: 'لە قۆناغی ئێستادا بۆسەی گەورە لە دژی کوردان دەنرێنەوە، بە ئەرێ کردنی ئەو بڕیارنامەیەی کە لە پارلەمانی تورک دەرکەوت، دەیانەوێ جارێکی تر توند و تیژی لە هەرێمەکەدا پێشبخەن، بێ هێمنایەتی قوڵ بکەنەوە و ئەو ناسەقامگیریەش بۆ دەرەوەی سنورەکانی خۆیان بگوازنەوە، لەو ناوەدا کەس ناتوانێت نزیکایەتی دەوڵەتی تورک لەمەڕ دانپێدانانی حکومەتی فیدراڵی کورد و چارەسەرکردنی کێشەکانی ببینێت، ئەگەر ئاوها نەبا ئەوا بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی نەدەوت: "یان دەبێت لە دژی پەکەکە شەڕ بکەن یان ئەوا من هێرشتان بۆ دەکەم". تەنانەت کاتێک مرۆڤ لێدوانەکانی سەرۆک وەزیری عێراق لەمەڕ پرسی کەرکوک دەبیستێت ئەوا هەبوونی بۆسەیەکی گەورە لە دژی کوردان زۆرتر هەست پێدەکرێ'

بەیاننامەکە ئاماژە بە هەستیاری قۆناغەکە دەکات و دەنووسێ: 'ئەمڕۆ دۆزی گەلی کورد بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێپەڕ دەبێت، لە بۆسە کەوتن زەرەرێکی زۆر بە کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستان دەگەیێنێت، بۆیە کەم و کورتی لەو قۆناغەدا دەتوانێت دەستکەوتەکانی گەلی کورد بن پێبکات. هەڵوێست نەگرتن لە دژی یاری دیپلۆماتیکی تورک و هاوکات شەڕی براکوژی نە تەنیا زەرەر لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردان دەدات بەڵکو ستراتیژی کوردان لە ئاستی ناونەتەوەیدا دەشکێنێت، دەبێت بزانرێت کە ئاشتی و گرنتی ستاتۆی هەموو پارچەکانی کوردستان لە یەکێتی نەتەوەییدایە'

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کە وەک باڵێکی پەکەکە ناسراوەو بەو هۆیەشەوە هەموو پارتەکانی پارچەکانی کوردستان لێی هاتوونەتە دەرێ، لە کۆتایی بەیاننامەکەدا دەنووسێ: 'بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا، ئێمە بانگ لە هەموو کوردان و هاوکات هێزەکانی باشووری کوردستان دەکەین و داوای یەکێتی نەتەوەییان لێدەکەین، هاوکات داوا لە ڕای گشتی نێونەتەوەیی، دۆستانی گەلی کورد دەکەین کە دەوڵەتی تورک لە هەڵوێستی هێرشکارانە و مەترسیداری خۆی دوربخەنەوە.

بێگومان سەردانەکانی ئەم دوایانەی سەرۆکی هەرێم بۆ وڵاتان بە ئەرێنی دەنرخێندرێ، چاودێران پێیوانوایە کە لۆژیکی دیبلۆماسی ژیرانە پەیڕەو دەکرێ، هاوکات لەهەموو سەنگەرەکانەوە درێژەی پێدەدرێ، ئەگەر پەیوەندی فەرمی لەنێوان تورکیاو هەرێمی کوردستاندا دروست ببێ، رەوشێکی تایبەت دێنێتە ئاراو دۆزی کوردستان تەکان پێدەداو بەرەو نێودەوڵەتی دەبات.

هەندێک لە چاودێران پێیانوایە کە هاوهەنگی تەواو لەنێوان هەردوو سەرۆک، تاڵەبانی و بارزانیدا هەیە، تاڵەبانی لەسەر ئاستی ئەمریکاو تورکیاو ئێراندا ئاسانکاری بۆ سەرۆک بارزانی دەکات، سەرۆک بارزانیش لەسەر ئاستی نێوخۆی عێراق و ئەوروپاو رووسیا پێگەی سەرۆک تاڵەبانی بەهێزتر دەکات.

چاودێران لەو باوەڕەدان کە پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان سەرۆک تاڵەبانی و سەرۆک وەزیرانی ئێستای تورکیادا هەیە، ئەمەش هاندەرێکە تا بەرپرسانی ئەنکارا ئاوڕ لە باشووری کوردستان بدەنەوە و زەمینەسازی بۆ پێوەندی نێوان ئەنکاراو هەولێر بکەن.

ئەگەر جاران پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبە عەلمانیەکانی تورکیادا هەبوو، ئەوە ئێستا پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دادوگەشەپێداندا هەیە، ئەمەش وادەکات کە بۆچوونی تورکیا سەبارەت بە کوردو بە هەرێمی کوردستان بگۆڕدرێ و بیر لە هاوپەیمانیەتێکی نوێ بکاتەوە.

پێوەندی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان لەبەرژەوەندی هەردوولا دایە، بەڵام وێڕای ئەمەشەوە دەبێ پێوانەی وردی بۆ بکرێ، نەوەک شێوازی ئەو پێوەندیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دژایەتی و شەڕی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان رابکێشێ، هەرچەندە ئەمە ئەگەرێکی لاوازەو سەرۆکی هەرێم و بەرپرسانی کوردستان رەتی دەکەنەوەو نەفرەتی لێدەکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنکارا ئەو تەم و گومانە دەرەوێنێتەوە کە تورک لە خۆڕاوە دژ بە کورد دروستیان کردووە و خۆیانی پێدەترسێنن.

**ئاکۆ مەجید**

# سەرۆکی ئەنجومەنی هۆزەکانی باشوور داوای پاراستنی ئۆردوگەی ئەشرەف دەکا

سەرۆکی ئەنجومەنی هۆزەکانی باشووری عێراق، عەبدولواحید کازم ئال عنێزان داوای لە ڕای گشتی نێودەوڵەتی کردووە ڕێگە نەدەن کە پاراستنی ئۆردوگەی ئەشرەف رادەستی هێزەکانی عێراقی بکرێ.

عەبدولواحید کازم لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی مەلەف نێتی ڕاگەیاندووە کە رادەستکردنی پەروەندی ئاسایشی ئۆردوگەی ئەشرەف پرۆژەیەکی ئێرانیەو دژ بە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و مافی پەنابەرانە و دەبێ رەت بکرێتەوە.

سەرۆکی ئەنجومەنی هۆزەکانی باشووری عێراق پێیوایە کە ئەگەر هێزەکانی نێودەوڵەتی پشت لە ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران بکەن، ئەوان دووچاری مەترسی دەبنەوە، هەڕەشە لەسەر ژیانی ئەو پەنابەرانە دروست دەبێ کە ئێستا لە ئۆردوگەی ئەشرەف دا دەژین.

ئەنجوومەنی هۆزەکانی عێراق لە ١٢٣ هۆزی عەرەبی شیعەو سوننە پێکهاتووە، سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە بە دوژمنی سەرسەختی کۆماری ئیسلامی ئێران دەناسرێ و زۆر ڕاشکاوانەش پشتیوانی لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران دەکات، گوتویەتی: ' پیلانێکی هاوبەش لەنێوان دەستەڵاتدارانی بەغدادو تاراندا هەیە، ئامانج لەنێوبردنی ئەو پەنابەرانەیە کە چەند ساڵێکە پەنایان بۆ وڵاتی عێراق هێناوەو لە ئۆردوگەی ئەشرەف دا نیشتەجێ کراون و لە رەوشێکی نالەباریشدا ژیان بەسەر دەبەن. بەوهۆیەوە دەبێ هێزەکانی نێودەوڵەتی پارێزگارییان لێ بکەن و ڕێگە نەدەن کە بە پرۆژەی کۆماری ئیسلامی ئێران تۆڵەیان لێبکرێتەوە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی هۆزەکانی عێراق گوتویەتی کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگەی هاودەستەکانی خۆیەوە ستەم لە پێکهاتەکانی عێراق دەکات و دەیەوێ لەو ڕێگەیەشەوە ئەو پەنابەرانە بکوژێن و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک لەکۆڵ خۆی بکاتەوە.

عەبدولواحید کازم ئال عنێزان، سەرۆکی ئەنجوومەنی هۆزەکانی باشووری عێراق دەڵێ: 'باس کردنی ئۆردوگەی ئەشرەف لەم کاتەدا بۆ ئەوەیە تا گرفت و گێژاو بۆ عێراقیەکان دروست ببێ، بە دەستی عێراقیەکانیش ئەو پەنابەرانە بکوژرێن کە لەدەست زوڵم و ستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕایان کردووە' ئال عنێزان جەختی کردۆتەوە کە حکومەتی عێراق دەتوانێ سوود لەو پەنابەرانە وەربگرێ، بەوهۆیەوە ڕێگە لە دەست تێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆی عێراق دەگیرێ.

لەلایەکی دیکەوە ئال عنێزان بەتووندی رەخنەی لە کۆماری ئیسلامی ئێران گرتووەو ڕایگەیاندووە کە بەردەوام گوشار لە کاربەدەستانی عێراق دەکات و دەیەوێ گوێڕایەڵی بڕیارەکانی ئەو بکەن، بەوهۆیەشەوە کێشەو گرفتی گەورە بۆ عێراقیەکان دروست بووە.

بێگومان سەرۆکی ئەنجوومەنی هۆزەکانی باشووری عێراق ناحەزی لەگەڵ حکومەتی ئێستای بەغدادا هەیە، بەوهۆیەشەوە دەیەوێ موجاهیدینی خەڵکی ئێران وەکو کارتی گوشار دژ بە حکومەتی بەغداد و تاران بەکار بهێنێ و فرمێسکی تیمساحاوییان بۆ هەڵبڕێژێ.

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران دۆستی نزیک و هاودەستی ڕژێمی بەعس بوو، لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان بەعس و تاران پشتیوانی ڕاشکاوانەی لە ڕژێمی سەدام حوسێن دا کرد، بەوهۆیەشەوە خەڵکی عێراق بە تایبەتیش شیعەکانی عێراق ئەو ڕێکخراوەیان خۆش ناوێ، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەوەی کە پێوەندییەکی پتەو لەنێوان سەرکردەکانی ئێستای بەغداد و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا هەیە، گومانی ئەوە دەکرێ کە کاربەدەستانی بەغداد داخوازی کاربەدەستانی تاران جێبەجێ بکەن و بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوە رادەستی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەنەوە، بەڵام هێزە سوننیەکانی عێراق و ئەو کەسایەتیانەی کە مەیلیان بۆ ڕژێمی بەعس هەیە بەتووندی پشتیوانیان لێ دەکەن و دەیانەوێ لەپەنای بەرگریکردن لە پەنابەرانەوە دژایەتی حکومەتی ئێستای بەغداد بکەن، چونکە لەوەتەی کە ڕژێمی بەعس رووخاوە، بە کردەوە شیعەکان جڵەوی دەستەڵاتیان گرتۆتە دەست و سوننە دەمارگیرەکان دوور خراونەتەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا لەبەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی ئێران دا تەواو بووە.

ئێستا هێزە سیاسیەکانی عێراق و کەسایەتیە سەربەخۆکان ڕوانگەی جیاوازیان سەبارەت بە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران هەیە، زۆرینە شیعەکان لەگەڵ ئەوەدان کە بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوە رادەستی



کۆماری ئیسلامی ئێران بکرێنەوە، هەندێکی دیکەش پێیانوایە کە دەبێ لە دادگەی باڵای تاوانی عێراقیدا بە تۆمەتی ئەوەی هاوکاری ڕژێمی بەعسیان کردووەو لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دژی ڕاپەڕیوان چەکیان هەڵگرتوە، دادگەیی بکرێن و سزا بدرێن، هەندێکی دیکە پێیانوایە کە نابێ عێراقیەکان خۆیان بەو کێشەیەوە خەریک بکەن، بەڵکو دەبێ دەرفەت بۆ ئەندام وچەکدارانی ئەو ڕێکخراوە بڕەخسێندرێ تا ڕەوانەی وڵاتانی ئەوروپا بکرێن و مافی مانەوەیان بۆ مسۆگەر بکرێ، بەڵام هەرچی هێزە سوننەکان و پاشماوەکانی ڕژێمی بەعسن زۆر شێلگیرانە پشتیوانی لە مانەوەو پاراستنی ئەندامان و بەرپرسانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران دەکەن و دەیانەوێ لەبەرانبەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا جارێکی دیکەش بەکاریان بهێننەوە.

ئێستا ئەگەر هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی نەبن، ئەندامان و بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوەیە ڕووبەڕووی گەورەترین کارەسات دەبنەوە، بەڵام ئەمریکیەکان چونکە دژایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن، ئیتر دەیانەوێ ڕێکخراوی موجاهیدین کە بەهێزترین هێزی بەرهەڵستکاری ئێرانیە دژ بە ئێران بهێڵنەوەو لە کاتی پێویستدا سوودیان لێوەربگرن. بێگومان کۆمار ئیسلامی ئێران ئەزموونێکی باشی لەو بارەیەوە هەیەو دەزانێ کە بۆ لێدان و ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام، هێزەکانی ئەمریکا سوودی زۆریان لە هێزە نەیارەکانی ڕژێمی بەعس وەرگرت، دەشزانن ئەگەر ئەمریکا هێرش بکاتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو ئەزموونە دووپات دەکاتەوە. بۆیە دەیانەوێ ڕێگەی خۆپارێزی هەڵبگرنەوە.

**سەربەست کانەبی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com